**کۆماری عێراق**

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک**

**بڕیار**

**ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ پەسەندی کردووە.

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩**

**یاسای ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**زاراوەکان**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەو زاراوانەی لەم یاسایەدا هاتوون، ماناکانیان لە بەرامبەریاندا نووسراوە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم: حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**چوارەم: وەزارەت:** وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**پێنجەم: ئامرازەکانی میدیا:** تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، تۆڕ و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان، ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی دیکە.

**شەشەم: ئامرازەکانی پەیوەندیکردن:** هێڵەکانی تەلەفۆن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە.

**حەوتەم: ڕیکلامی بازرگانی:** خزمەتگوزارییەکە، لە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیا و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هەر شێوازێك لە شێوازەکانی ڕاگەیاندن و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی و ئاوی و ئاسمانی و لە ڕێگەی تابلۆ و دیوار و سکرین، بە ئامانجی ڕەواجدان بە کاڵا یان خزمەتگوزاری یان بەرهەم، بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی یان بەکارهێنانی.

١- غەرامەیەك كە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

٢- پابەندکردنی بە چاککردنەوە و دانانی ریکلامەکە وەك خۆی.

٣- قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو.

**سێیەم:** لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، سزاکە دووهێندە دەبێت.

**ماددەی (٥):**

لەکاتێکدا ئەگەر سزایەکی توندتر بۆ ئەم کردارە تاوانکارییانە لە یاسا کاربێکراوەکان دا هەبوو، ئەوا سزا توندەکە جێبەجێ دەکرێت.

**حوکمە کۆتاییەکان**

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر (وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان) بە هەماهەنگی لەگەڵ (وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار) و (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (٧):**

بەدەر لە حوکمی ماددە (٥)ی ئەم یاسایە، کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٨):**

ئەم یاسایە دوای (٦٠) رۆژ لە بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لەبەر گرنگی رێکخستنی ریکلام بۆ خزمەتکردنی بەکاربەر و گەشەپێدانی ئابوری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر بە هاووڵاتیان، و دروستکردنی کێبڕکێی دروست بۆ بەبازاڕکردن، و کەمکردنەوەی لایەنە خراپ و زیانبەخشەکانی ریکلام، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/١/١٤**

## مەرجە گشتییەکان

**ماددەی (٢):**

مەرجە گشتییەکان بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ریکلام:

**یەکەم:** پێویستە هەموو ریکلامێک مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری بەرهەمەکەی هەبێت، پێش بڵاوکردنەوەی.

**دووەم:** دەبێت پەیامی ریکلام ڕاستگۆیانە و ڕوون و ڕەوان بێت.

**سێیەم:** لەکاتی بەکارهێنانی توێژینەوە زانستیەکان پێویستە سەرچاوە بەکارهێنراوەکان، ئەکادیمی و پشت ڕاستکراوەبن.

**چوارەم:** جگە لەو حاڵەتانەی لە یاسادا دیاریکراون، ریکلام لەسەر هۆیەکانی گواستنەوە بەڕەزامەندی خاوەنەکەی یان نوێنەری خاوەنی هۆیەکانی گواستنەوە، ئەنجام دەدرێت.

**پێنجەم:** ڕادەی تیشکی ڕوناکی سەر شاشەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی سەر شەقامەکان لە ڕۆژدا لە (٥٠٠٠) لۆکس (لومنز/ م٢) زیاتر نەبێت و لە شەوانیشدا لە (٢٠٠) لۆکس (لومنز/م٢) زیاتر بێت.

**شەشەم:** دەبێت ئامرازەکانی میدیا، ریکلامی هۆشیاری نشتیمانی، رۆشنبیری، تەندروستی، هاتووچۆ و ئەو ریکلامانەی کە تایبەتن بە پاراستنی مافی مرۆڤ و ژنان، بێ بەرامبەر بڵاوبکەنەوە، بۆ تەلەفزیۆنەکان لە (١) یەك خوولەك بۆ (٤) چوار خولەك لە ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێری پەخش، و بۆ چاپکراوەکان بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت.

## رێگە پێنەدراوەکان

**ماددەی (٣):**

هەموو ئەو ریکلامە بازرگانییانەی کە پێچەوانەی (سیستمی گشتی، ئادابی گشتی، ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی و مافەکانی مرۆڤن)، رێگە پێنەدراون لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

## حوکمە سزاییەکان

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەگەر ریکلامێک بڵاوکرایەوە، پێشێلی مەرج و ڕێگاپێنەدراوەکانی ماددەکانی (٢،٣)ی ئەم یاسایە بوو، دەبێت:

١- ڕاستەوخۆ بڵاوکردنەوەی ریکلامەکە، ڕابگیرێت.

٢- داخوازیکاری ریکلام، بەرهەمهێنی ریکلام و بڵاوکەرەوەی ریکلام، سزادەدرێن بە غەرامەکردن بەبڕێك کە لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥،٠٠٠،٠٠٠) پانزە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** هەرکەسێك بە مەبەست ریکلامێك لێبکاتەوە . یان بیدڕێنێت . یاخود بیشێوێنێت . سزا دەدرێت بە :